Digitally signed by Kurdistan Net
cn=Kurdistan Net, ou=Copyright 2000 Kurdistan Net, All rights reserved, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.06.30 14:26:24 +03'00'
Reason: Kurdistan Net Neti Hemwane

**بانگەوازیك بۆ :** هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و پیشەی و ئینسان دۆستەکان. . .
ڕێکخراوەکانی ژنان ، لاوان ، منداڵان ، هونەرمەندان ، ئەدیبان و ڕۆشنبیران. . .
کۆڕو کۆمەلە کلتوری و فەرهەنگی یەکان ، ڕادیو و ڕۆژنامەکان ، ماڵ پەڕەو سایتەکان.

به سلاوێکی گەرم

بەڕێزان : هەر وەك خۆتان دەزانن ئەمرۆ مەسەلەی گەرانەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی بۆ کوردستانی عیراق بووتە سیاسەتێکی سەرتاسەری هەموو وولاتانی ئەورۆپاو سەرباری لە چاوەڕوانی هێشتنەوەی پەنابەران بۆ ماوەی زیاتر لە دوو سال و سی سال و زۆر زیاتریش ، وادەبینین کە ئەم وولاتانە یەك لە دوای یەك بریاری گەرانەوەی پەنابەران دەدەن.

ڕێکەوتنامەی نیوان حکومەتی سوید – تورکیا ، نموونەیەکی بەرچاوی ئەم پیشیلکاریەیە کە بەمەسەتی گەرانەوەی نیزك بە ٤ هەزار پەنابەری کورد پەسەندکراو تەنانەت هەوله یەك لەدوای یەکەکانی حکومەتیسوید بۆ یەك دەست کردنەوەی ولاتانی ئەورۆپا بەمەستی عەمەلی کردنەوەی دیپورت کردنەوەی پەنابەران، هەول و تەقەلایەکی رۆژانەو، دەستپێشخەری کۆبوونەوەی ئەم دوایانەیانەی سەفارەتی سوید لە تورکیا لەگەل سەفارەتەکانی زۆریك لە ولاتانی ئەورۆپا بۆ ئەم مەبەستە نموونەیەکی بەرچاوی پەردە هەلدانەوە لە ڕووی ئەم ڕاستییە !

ئەمە سەرباری ئەوەی کە حکومەتی تورکیاش بۆ خۆی ڕۆژانە لە هەوڵی دەستگیری کردنی پەنابەران و دیپورت کردنەوەیانەو هەر ئیستە نزیك بە ٤٠ پەنابەر لە تورکیا لەلایەن دەزگاکانی ئەمنییەتەوە ئاگادار کراونەتەوە کە دەبیت تا ١٥ رۆژی تر تورکیا بەجی بهیلین ، لەم حالە بەدەر خۆیان دەستگیریان دەکەن و دیپورتیان دەکەنەوە.

ئەمە لەکاتیکدایە کەحکومەتی تورکیا لەماوەی یەك مانگی رابردودا جیاواز لەکوشتن وبریندارکردنی دەیان پەنابەر، هەروەها سەدان پەنابەری تریشی لە ناوچە سنوورییەکاندا دیپۆرت کردوەتەوە، تەنانەت لەم ماوەدا لەناوچەی واندا لاشەی ١٩ کەسیان لەچیاکاندا دۆزوەتەوە کە چەند ژنیك و ٥ منالیشیان لەگەڵدا بووە کە پێشتر لەناو بەفردا ڕەق هەلهاتوون.

ئەم بارودۆخەدا دیپورت کردنەوەی پەنابەران بە ئاستیکی بالای پڕ مەترسی گەشتووەو چوونە پێشەوەی نەخشەو پیلانەکانی حکومەتی سوید و تورکیا هەنگاوێکی زۆر مەترسی دا کە هەرەشە لە چارەنووسی دەیان هەزاران ئینسان دەکات، ئەگەری دیپۆرت کردنەوەی ئەم ئینسانانە تراژیدیایەکی گەورە دەخولقینێت و بەکردەوە هەر ئینسانێکی ئازادیخوازو شەرافتمەند وئینسان دۆست بەر پرسە لە ریگرتن بە روو نەدانی ئەم تراژیدیایە.

بۆیە فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی داوا لە هەموو لایەنەکان دەکات جیاواز لە بیرکردنەوەی هەر لایەنێکمان لە پەیوەند بە بارودۆخی کوردستان و هۆکارەکانی ئاوارەبوون ، بەدەر لە جیاوازی بیروڕامان ، لەبەرامبەر ئەم دەست دریژیانە بۆ سەر چارەنووسی ئەم ئینسانانە دەنگ هەلبرین و نارەزایەتی خۆمان ڕاگەیەنین.

ئەگەر تەنها لەبەر ریزو چارەنووس و ئایندەی ئەو ژن و منالانە بووە کە سالەهایە لە کەمپەکاندا لە دۆزەخی چاوەڕوانیدا بەسەر دەبەن، یان لە کوردستانەوە خەون بەهەوالیکی دلخوشکەری ئازیانەیانەوە دەبین ، با نەهیلین ئەم حکومەتانە ئەم ئینسانانە دیپورت بکەنەوەو و هاتنە مەیدانمان بکەینە لەمپەریکی چارنووساس بۆ بەر گرتان بەم کارەساتە.

لەیادمان بێ کە UNHCRبەرپرسی سەرەکی چارەنووسی پەنابەرانەو هەر ئەوانیش شانیان لەبەرامبەر بە چارەنووسی پەنابەراندا خالی کردوەتەوەو پەنابەرانیش ناچار لەریگەی نایاسای یەوە دەبیت روو بکە دەریاو سنوورە بەمین چینراوەکان بۆ دەرباز کردنی ژیانی خۆیان و گەشتن بە یەکیك لەم وولاتانەی کە ئەمرۆ بڕیاری دیپورت کردنەوەیان دەدەن.

بۆیە پیویستە لەم بارەوە نامەی ناڕزایەتی یەکانی خۆتان بەم ژمارە فاکس و ئیمەیلانە بنیرین بۆ ئەو لایەنە بەرپرسانە :

Prime Minister, Ddlbsl@tccb. gov.tr Minister of Interior, 011-90-312-417-2390; Minister of Foreign Affairs, 011-90-312-419-1547 (e-mail: webmaster@mfa.gov.tr) to the UNHCR Representative in Turkey, khanhu@unhcr.ch FAX:00903124412173

جیگەی پێزانی نە کە هاوکات وینەی نامەکانتان بنیرین بۆ سکرتاریەتی فیدراسیون تا هاوپشتیتان رابگەیەنین بە دەزگاکانی راگەیاندن : ژمارە فاکس و ئیمەلی فیدراسیون : **Fax : 00 358 3 31392145**

**fediraq@welho.com** سکرتایەتی فیدراتسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

١١ / ٦ / ٢٠٠٢

www.kurdistannet.org